بە ئامادەبوونی قوباد تالەبانی دیداری "ژن و دیپلۆماسی" لە هەولێر بەڕێوەچوو



بە ئامادەبوونی قوباد تالەبانی جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان و بە بەشداری ژمارەیەك لە دیپلۆماتکارانی ژنی کورد و بیانی لە هەولێر دیداری "ژن و دیپلۆماسی" بەڕێوەچوو.

نوسینگەی راگەیاندنی قوباد تالەبانی لە راگەیەنراوەکدا باویکردەوە: لە دیدارەکدا ژمارەیەك لە دیپلۆماتکارانی ژنی بیانی لە باوەڕخانە و کێنسوخانەکانی وڵاتان لەعێراق و هەرێمی کوردستان، هەروەها ژمارەیەك دیپلۆماتکاری ژنی کوردیش بەشداربوون، و باس لە ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە بواری دیپلۆماسی کرا.

هەر لە بەیاننامەکەدا هاتووە، کە جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە دیدارەکدا باسی لە گرنگیی بەشداری ژنان کرد لە هەموو بوارەکاندا و لێناویشیاندا لە بواری دیپلۆماسیدا. بە ئاماژەدان بە چەندین نمونەی سەرکەوتوو لە دیپلۆمەتکارانی ژن لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکەدا رایگەیاند ژنان سەلماندوویانە وەکچەن لە زۆربەی بوارەکانیدیکە توانیویانە سەرکەوتووبن، لە بواری دیپلۆماسیشدا دەتوانن سەرکەوتووبن و خزمەتی بەرژەوەندیەکانی وڵاتەکانیان بکەن.

بەیاننامەکە ئاماژەی بە ئاوەشکرد: هەر لەو دیدارەدا کە ژمارەیەك کچە خوێندکاری بەشی زانستە سیاسیەکان بەشداربوون، قوباد تالەبانی وتی: هەرچەندە بواری دیپلۆماسی بە ژنانی کورد بوارەکی

نوێیە، بەڵام ژنانی کورد دەتوانن بە هەوڵ و ماندووبوونی زیاتر لەم بوارەشدا تواناکانی خۆیان بسەلمێنن. داواشیکرد ژنە دیپلۆماتکارەکانی کورد، کەسپ و گرفتەکان ساردیان نەکاتەوە و بەردەوام بن لە پڕۆپەدانی تواناکانی خۆیان، وەکچێن ژنانی دیپلۆماتکاری وەاتانی دیکە بە ماندووبوون و پەداگری زیاترەوە توانیویانە لە بواری دیپلۆماسیشدا سەرکەوتنی گەورە بە دەست بهێنن.

هەر لە دیدارەکەدا ژنە دیپلۆماتکار بیانییەکانیش باسیان لە ئەزمونی بەشداری ژنان لە دیپلۆماسی وەاتەکانی خۆیان کرد و ئاماژەیاندا بە کەسپ و گرفتەکانی بەردەم دیپلۆماتکارانی ژن. خەشحاڵی خۆشیان دەربڕی کە لە کوردستان دیدار و کۆبوونەوەی لەم شێوەیە دەبەسترێت و ستایشی هەوڵەکانی جەگری سەرۆك وەزیرانیان کرد لە پشتگیریکردنی ژنان بە بەشداریکردنی زیاتر لە بواری سیاسەت و دیپلۆماسیدا.